# میوانی ئازیز

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

×

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

×××

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ناوی کتێب: میوانی ئازیز

نووسینی: وریا عومەر ئەمین

بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٠١

هێلکاری: شێروان موحسین

ڕەنگرێژی: گەیلان عەبدوڵڵا

هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

چاپی یەکەم، ٢٠٠٩

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٢٨٢ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# میوانی ئازیز

نووسینی:
**د. وریا عومەر ئەمین**

هێلکاری:
**شێروان موحسین**

# میوانی ئازیز

رۆژێ ئیڤان بینی چۆلەکەیەك لەسەر لقێکی ئەو درەختەی بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی خەریکە هێلانە دروست دەکات. ئەمە خۆشییەکی یەکجار زۆری خستە دڵی و ئەم رووداوەی بۆ دایك و باوك و دیار و ئۆراسی برای و هەموو هاوڕێکانی گێڕایەوە ئەمانیش بەم دەنگوباسە زۆر دڵخۆش بوون و زوو زوو دەهاتنە لای ئیڤان، پێکەوە لە تیکی پەردەکانەوە سەیریان دەکرد، دەیانبینی چۆن چۆلەکەکە ناوە ناوە دێتەوە، پووشێکی بەدەنووکەکەی هەڵگرتووە. هونەرمەندانە وەك ئەندازیار پووشەکە بەرێکوپێکی لە ئەوانیتر دەبەستێ و رێکی دەخات.

تا چەند رۆژ ئەم چۆلەکەیە بێ کۆڵدان و بێ وچان، هەر هات و چوو، هەر پووشی هێنا تا هێلانەیەکی خڕیلەی خنجیلانەی بۆ خۆی پێك هێنا. زۆری پێ نەچوو دوو هێلکەی بچکۆلانەی جوانکیلەی تێدا کرد و بە سەریانا کورك بوو. چۆلەکەکە جاروبار هێلانەکەی بەجێ دەهێشت. دەفڕی، دەچوو دان و ئاوی دەخواردەوە، پاشان خێرا دەگەڕایەوە و لەسەر هێلکەکانی کڕ دەکەوتەوە.

ماوەیەك بەسەر چوو، بەیانییەك ئیڤان لەخەو هەڵسا، یەکەم شت چوو سەیرێکی هێلانە و چۆلەکەکەی بکات و بەیانی باشی لێ بکات. ئای لەو خۆشییە، بینی هێلکەکان دوو زەرنەقووتەی ئێسك سووکیان هەڵێناوە، لە خۆشییانا شاگەشکە بوو. خەریك بوو باڵ بگرێ و بفڕێ. بەڕاکردن چوو ئەم مژدەخۆشەی بەدایك و باوك و براکانی گەیاند. ئەمانیش هەر ئەمەیان بیست خێرا هەموو بەڕاکردن چوون ئەم رووداوە جوانە ببینن.

ماوەیەکی زۆر بەرامبەری وەستان، بینییان چۆلەکەکە یەکجار خەریك و سەرقاڵ بوو، هەر لە فڕین و گەڕان بوو. بێ ئۆقرە و ئارام بە پەلە دەفڕی و زۆری پێ نەدەچوو دەگەڕایەوە، زەرنەقووتەکان بەجیکە جیك و سیکە سیك پێشوازییان دەکرد. سەری خۆیان بەرز دەکردەوە، دەنووکەکانیان دەکردەوە، چۆلەکەکەش خواردن و ئاوی دەخستە ناو زاریانەوە. دیسان خێرا دەچووەوە جارێکی تری بۆ دەهێنانەوە.

ئیڤان و دیار و ئۆراس هەموو رۆژ، زۆربەی کاتی خۆیان بە چاودێریکردنی ئەم دیمەنە دڵگیرانەوە بەسەر دەبرد و هەندێ جاریش هاوڕێکانی خۆیانیان دەهێنا و پیشانیان دەدان.

ئێوارەیەکیان ئیڤان هاوڕێیەکی خۆی هێنابوو هێلانە و بێچووەکانی پێشان بدات، کە سەیریان کرد، دایکەکە لەوێ نەبوو، بێچووەکان هەر زیکە زیکیان بوو، زاری خۆیان بەش کردبووەوە سەریان بەرز دەکردەوە و بۆ ئەم لاو ئەو وەك بڵێی لە دایکیان دەگەڕان و بانگیان دەکرد.

ئیڤان وتی: ئێستا دێتەوە.

ماوەیەکی زۆر چاوەڕێیان کرد چۆلەکەکە هەر نەهاتەوە، ئیڤان شڵەژا و وتی: سەیرە، هیچ جار لە سێ چوار خولەك زیاتری نەخایاندووە و گەڕاوەتەوە. ئەمجارەیان دەبێ بۆ وا دواکەوتبێ، دەبێ شتێکی بەسەرهاتبێ؟ دەبێ چی بێ! هەبێ و نەبێ منداڵێکی لاسار بە دارلاستیك بەردێکی تێ گرتووە و کوشتوویەتی، یا باڵی شکاندووە. چۆلەکەکە هەر نەگەڕایەوە، درەنگ داهات، هاوڕێکەی ئیڤان وتی وا تاریك داهات دەبێ بچمەوە خوا حافیزی لێ کرد و دەرچوو.

ئیڤان تا دەهات زیاتر دەشڵەژا و ئارامی لێ دەبڕا، بەیەکجاری ئومێدی لە گەڕانەوەی چۆلەکەکە بڕی و وتی: وا دیارە چۆلەکەکە نەماوە و ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە، بێچووەکان بێ کەس مانەوە، ئیمشەو لە شوێنی خۆیان لە برسانا دەمرن و لە سەرمانا رەق دەبنەوە، ئای گوناحن، فرمێسك چاوی پڕ کردبوو، خەفەتێکی قووڵ دڵی داگرتبوو، نەیدەزانی چی بکا و چۆن فریایان بکەوێ و رزگاریان بکات.

چوو بەدایکی وت، دایکی وتی: رۆڵە من چیم پێ دەکرێ.



کە باوکی هاتەوە زوو ئەم کارەساتەی بۆ گێڕایەوە، باوکی وتی: ئافەرین کوڕم، زۆرم پێ خۆشە دەبینم ئاوا بەزەییت بەم بێ دەسەڵاتانە بێتەوە، ئافەرین، هەزار ئافەرین. نەختێ بێ دەنگ بوو ئینجا وتی: راستە دەکەی ئیڤان، ئەگەر زوو فریایان نەکەوین و خواردن و ئاویان نەدەینێ هەر ئێمشەو لە سەرمانا و لە برسانا رەق دەبنەوە و دەمرن. تاکە رێگایەك بۆ رزگارکردنیان ئەوەیە دایانبەزێنین و ئێمە بەخێویان بکەین، خواردن و ئاویان بدەینێ تا گەورە دەبن ئەوسا بۆخۆیان دەفرن و بژێوی بۆ خۆیان پەیدا دەکەن.

ئیڤان کە ئەمەی بیست دڵی یەکجار خۆش بوو، بەدەم هەڵپەڕینەوە دەستی کردە ملی باوکی و ئەملا و ئەولای ماچ کرد و وتی: دەی توخوا زوو بابە گیان با رزگاریان کەین، ئەگینا دەمرن، دەی بابە زوو توخوا زوو زوو بابە گیان.

باوکی ئیڤان پەیژەیەکی هێنا و سەر کەوتە سەر درەختەکە و زەرنەقووتەکانی بە هێلانەکەیانەوە دابەزاند. خستیە ناو قوتوویەکی مقەباوە.

دایکی ئیڤان نەختێ چێشتی هێنا و بە ئاو نەرم و شلی کرد و دەنك دەنك دەرخواردی دان.

دڵۆپتکێنی دەرمانی ئۆراسیان هێنا، وەك دەنووك دڵۆپ دڵۆپ ئاویان پێ خستە ناو زاریان، تا تێر بوون.

ئیڤان و دیار و ئۆراس لە دیار ئەم دیمەنەدا لە خۆشییانا نەیاندەزانی چی بکەن، بەڵام خەمی دایکەکەیان بوو، ئاواتیان دەخواست بێتەوە ناو بێچووەکانی.

سەرباری ئەوەی بێچووەکان، تێر نان و ئاو بوون بەڵام لە جیکە جیك و سیکە سیك و چاوگێڕان نەوەستان، دیار بوو هەر دایکی خۆیانیان دەویست.

تا دە دوازدە رۆژ بێچووەکان میوانی ماڵی ئیڤان بوون، ئەمانیش خزمەتێکی یەکجار زۆریان کردن، هەموو دەم بەسێیان بە دیاریانەوە دادەنیشتن خواردن و ئاویان پێشکەش دەکردن و یارییان لەگەڵیاندا دەکرد.

زەرنەقووتەکان بەرە بەرە گەورە بوون، پەڕ و باڵیان ڕوا و کاتی فڕینیان هات.

بەناو ژوورەکاندا دەفڕین دەهاتن و دەچوون، فێربوون چۆن بە خۆیان دانەوێڵە بخۆن و ئاو بخۆنەوە، هەندێ جار لەسەر پەردەکانی پەنجەرەکان هەڵدەنیشتن لە میناکانەوە بە ماتی سەیری ئاسمان و چیمەنەکە و دار و درەخت و چۆلەکەکانیان دەکرد.

رۆژێ باوکی ئیڤان وتی: رۆڵەکانم ئەوە زەرنەقووتەکان گەورە بوون و بوون بە چۆلەکە، ئێستا دەتوانن خۆیان خۆیان بەخێو بکەن، کاتی ئەوە هات بیانفڕێنین تا بچنە ناو ژیانی خۆیان، ژیانی ژووریان لێ نایێ و لایان شەرمە، حەز دەکەن لەم ئاسمانە پان و بەرینەدا بفڕن، لەسەر درەختەکان ئەم چڵ و ئەو چڵ بکەن، بەیانی بەرەڵلایان دەکەین.

شەوەکەی ئیڤان و دیار و ئۆراس خەم دڵی داگرتبوون تا درەنگ بەدیاریانەوە دانیشتن و هەرسێکیان لە تەنیشتیاندا خەوتن.

رۆژی دوایی دوا ژەمیان پێشکەش کردن، ئینجا هەموو پێکەوە چۆلەکە بچکۆڵەکانیان بردە چیمەنەکە و ئازادیان کردن.

خەم و پەژارەیەکی گران باڵی کێشابووە سەر سەر و سیمای ئیڤان و دیار و ئۆراسدا، بە دڵ حەزیان دەکرد و ئاواتیان دەخواست میوانە ئازیزەکانیان نەڕۆن و هەر لەگەڵیدا، خوا حافیزییان لێ کردن، بەدەم هەنسک و بای بای کردندا دەستەکانیان بەرز دەشەکانەوە و ڕوومەتیان بە تیشکی فرمێسکی ماڵئاوایی دەبریسکایەوە.



# جەژنانە

یەکەم رۆژی جەژن بوو، بەیانییەکەی. دیار کە منداڵێکی شەش ساڵان بوو، لەخەو هەڵسا، دەست و دەموچاوی خۆی شوشت، ئینجا چوو جەژنە پیرۆزەی لە دایك و باوك و ئیڤانی برا گەورە و ئۆراس کرد.

دایك و باوکی بەم هەڵسوکەوتەی زۆر دڵخۆش بوون، ئافەرینیان لێ کرد و جەژنانەیەکی زۆریان دایێ دوای ئەمە هەموویان بەیەکەوە دانیشتن بەرچاییان کرد و گەلێ قسە و باس و خواسی خۆشیان بۆ یەکتر گێرایەوە. کە لێ بوونەوە دیار چوو جلە تازە جوانە رەنگاورەنگەکانی جەژنی کردە بەر و بە دایکی وت: "دایە، من لەگەڵ هاورێکانم دەچمە بن لەیلووکان. بۆ خۆمان لەوێ یاری دەکەین و سواری جۆلانە دەبین و شەکرۆکە و شیرینی دەکرین".

دایکی پێی وت: قەیناکا رۆڵە برۆ بەڵام زۆر ئاگاداری خۆتان بن دوور نەرۆن، زوو وەرنەوە.

دیار وتی: باشە دایە گیان زۆر سوپاس، خوا حافیزی کرد و دەرچوو.



زۆری پێ نەچوو، دیار بەراکردن گەرایەوەماڵەوە، توند لە دەرگای دا و بە دەنگێکی بەرز بانگی براکانی کرد.

ئیڤان... ئیڤان... ئۆراس... وەرن... زووکەن سەیرکەن، بزانن چیم کریوە

ئیڤان و ئۆراس بەراکردن دەچوون، بینییان دیار قەفەزێکی بچکۆلانەی بەدەستەوەیە، چۆلەکەیەکی خنجیلانەی تیایە.

ئۆراس هەرکە بینی وتی: دەمەوێ... و کردی بە گریان.

ئیڤان قەفەزەکەی لە دیار وەرگرت لە نزیکەوە سەیرێکی کرد و وتی: ئای کە جوان و ئێسك سووك و بچکۆڵانەیە، ئەمەت لەکوێ کری؟ بەچەندت کری؟

کە نەختێ زیاتر تێی راما بینی چۆلەکەکە زۆر کز و ماتە، هەڵتورکاوە، چاو بە فرمێسك، هەموو گیانی دەلەرزێ

ئیڤان کە وای بینی زۆری بەزەیی تێدا هاتەوە و رووی کردە دیار وتی: برای خۆشەویستم دیار ئەوە تۆ چیت کردووە؟ چۆن شتی وا دەکەیت؟ ئەم بەستەزمانە هەڵەی چییە وا خراوەتە ناو ئەم قەفەزە تەنگەوە؟ سەیری کە چەند مات و غەمبارە، چەند

بە کزی هەڵتروکاوە، هەموو گیانی دەلەرزێ، لەوانەیە ئێستا برسی بێ، تینووی بێ. کەمێك بێ دەنگ بوو پاشان هاتەوە قسە.

سەیری ئەم چۆلەکانەی سەر ئەم درەختانە بکە، گوێ بگرە لە جیکەجیك و سەیری هەڵفرین و دافڕینیان بکە، چەند دڵشادن، بۆ خۆیان لەم ئاسمانە پان و بەرینەدا بە ئارەزووی خۆیان دەفڕن، ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەن، ئێستا ئەم چۆبەکەیەش ئاوات دەخوازێ وەك ئەوان ئازاد و سەرفراز بێ.


ئەم قسانەی ئیڤان هیچ پێ کەنین و زەردەخەنەیەکی لەسەر رووی دیاردا نەهێشت بە دەنگێکی خەماوییەوە وتی: جا هەڵەی من چییە، خۆ من نەمخستووەتە ناو ئەم قەفەزەوە، من کڕیومە.

ئیڤان کە بەردەوام چاوی بڕیبووە بولبولەکە، ماوەیەك بێ دەنگ بوو، ئینجا رووی کردە دیار و بەنەختێ توورەییەوە وتی: دیار گەر بیری لێ بکەیتەوە بۆخۆت دەردەکەوێ کە هەڵەی تۆشی تیایە، دەتوانم بڵێم زۆریش، لەبەرئەوەی ئەگەر تۆ نەیکڕی و یەکێکی تر نەیکڕێ، کەس ناچێ ئەم بەستەزمانە بێ دەسەڵاتانە بگرێ و هێلانەیان تێك دا و بیانخاتە ناو ئەم قەفەزانەوە و بیانفرۆشن.

دیار بەم قسانەی ئیڤان زۆر پەست و سەخڵەت بوو، ماتییەکی گران لە سەر و سیمای نیشت و هەستی بە تاوانێکی گەورە کرد، نەیزانی چی بکا و چی بڵێ. دوو دڵۆپ فرمێسك چاوەکانی گرت و وتی: راست دەکەیت ئیڤان هەڵەی منیشی تێدایە، هەر ئێستا بەڕاکردن دەچم دەیگەڕێنمەوە و پارەکەی خۆم وەردەگرمەوە، قەفەزەکەی هەڵگرت و ویستی بڕوا، ئیڤان دەستی گرت و وتی: مەڕۆ، مەیگەڕێنەرەوە، بەچەندت کڕیوە من لێتی دەکڕمەوە.

دیار بە سەرسڕمانەوە وتی: تۆ گلە و سەرکۆنە منت کرد و ئێستا بۆ خۆت دەتەوێ.

ئیڤان وتی: بەڵێ دەمەوێ، دەمەوێ لێتی بکڕمەوە تا ئازادی بکەم، گەر تۆ بیگەڕێنیتەوە یەکێکی تر دەیکڕێتەوە.
ئەم بەستەزمانە هەر لەناو ئەم قەفەزەدا دەمێنێتەوە من زۆرم بەزەیی تێدا هاتەوە، بڕیارم دا لێتی بکڕم و ئازادی کەم.



دیار وتی: جا تۆ هەڵەت چییە پارەکەی بدەیت و جەژنانەکەت بدۆڕێنی.
ئیڤان وتی: گەر من ئێستا ئەم چۆلەکە بەستەزمانە بێ دەسەلاتە ئازاد بکەم و دڵی بەم جەژنە خۆش کەم بەمە چاکەیەکی گەورە دەکەم، ئەمە هیچ دۆڕاندن نییە، ئەمە بردنەوەیە، دەستی بۆ گیرفانی برد و وتی: ها بگرە هەمووی بۆ تۆ، چۆلەکەکەم بدێ.
دیار پێکەنین و زەردەخەنە تۆراوەکەی گەڕایەوە سەر رووی چاوەکانی کەوتنەوە بریسکە بریسك، رووی کردە ئیڤان و وتی: نا... نا... ئیڤان یەك پارەت لێ وەرناگرم، ئەم چۆلەکەیە من کڕیومە و هی خۆمە من ئازادی دەکەم، زۆر سوپاس بۆ تۆ کە ئەمەت تێ گەیاندم.
ئیڤان وتی: دیار زۆر حەز دەکەم منیش بەشداری بکەم لە ئازادکردنی، با پارەکەی بە نیوەیی لەسەر هەردووکمان بێ و ببێ بە جەژنانە بۆ ئەم بەستەزمانە.
دیار وتی: ئارەزووی خۆتە و دەرگای قەفەزەکەیان کردەوە و ئازادیان کرد.
ئیڤان و دیار و ئۆراس بەدیارییەوە دەستی خۆیان بەرز کردەوە و بە دەنگێکی بەرز هەرسێکیان پێکەوە وتیان هێی ی ی ی ی.
چۆلەکەکە فڕی... فڕی... فڕی... بەرز فڕی.
ئینجا بە سێیان پڕیان دایە قەفەزەکە و خستیانە ژێر قاچیانەوە و هەلا هەلایان کرد جەژنیان بوو بە دوو.



# بۆ دارلاستیکەکەی شکاند

لە رۆژێکی یەکجار ساردی زستاندا، هەور بەری ئاسمانی گرتبوو. بارانێکی خۆش دەباری. دەنگی سوولاوکەکان تێکەڵ بەیەکتر بووبوون، ئیڤان و باوکی لە بەردەم ئاگرداندا دانیشتبوون قسە و باسی خۆشیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، ئیڤان زۆر بە پەرۆشەوە چاوی بڕیبووە ئەو هێلانەیەی لە بنمیچی هەیوانەکەدا بوو، کۆترەکان بێ وچان لە هاتوچۆ و هەڵفڕین و دافڕیندا بوون، ناوە ناوەش نووزە و جووکەی بێچووەکانی ناو هێلانەکەی دەبیست. ئیڤان کە بەردەوام چاوی بڕیبووە هێلانەکە لە باوکی پرسی.

بابە گیان، بۆ ئەم کۆترانە بەم سەرمایە و بەم بارانە هەر لە فڕین و هاتوچۆدان؟ بۆ کوێ دەچن؟ بۆ وەك ئێمە لە ماڵی خۆیان دانانیشن؟

باوکی ئیڤان وەڵامی دایەوە وتی: شیرینەکەم ئیڤان، ئەم باڵندانە وەك ئێمە و هەر گیانلەبەر و زیندەوەرێکی تر، حەز لە ژیان دەکەن، هەستیان هەیە، بیر دەکەنەوە، برسییان دەبێ، سەرمایان دەبێ، خۆشی و ناخۆشی و ئازار دەچێژن، بێچووەکانی خۆیان خۆش دەوێ و دەیانپارێزن. هێلانەی خۆیان لە شوێنی بەرز دروست دەکەن تا پشیلە نەیانگەنێ، لەپێناو بێچووەکانیان گوێ نادەنە سەرما و مەترسی، بەئاسماندا دوور دەفڕن.دەچن لەو دەشت و دەرەدا دانەوێڵە و خۆراك پەیدا دەکەن. بەم فڕینەیان لەشیان گەرم دادێ و دێنەوە لەسەر بێچووەکانیان هەڵدەنیشن، بە باڵە گەرمەکانیان دایان دەپۆشن، دان دەخەنە ناو زاریانەوە، ئەها ئیڤان سەیرکە کە باوکیان دێتەوە چۆن لە خۆشییانا دەیکەنە جووکە جووك ئینجا دایکیان دەفڕێ و دەچێ خواردن و ئاویان بۆ بهێنێ. سەیرکە چەند جوان یارمەتیی یەکتر دەدەن لە بەخێوکردنی بێچووەکانیاندا، رۆڵە ئەگەر وا نەکەن بێچووەکان لە سەرمانا و لە برسانا دەمرن.



ئیڤان کە ئەمەی بیست دەمێك مات و بێ دەنگ بوو لەپڕ هەڵسا و بە راکردن چوو دارلاستیکەکەی هێنا و هەڵا بە هەڵای کرد و فڕێی دایە ناو ئاگردانەکە و وتی: بابە گیان زۆر سوپاست دەکەم، تێ گەیاندم، بەتەما بووم بەم دارلاستیکە کۆترەکان بگرم، ئەگەر بمگرتنایە بێچووەکان بێکەس دەمانەوە. پاشان لە سەرمانا و لە برسانا دەمردن و توند دەستی کردە ملی باوکی کەوتە ماچکردنی و چاوە فرمێسکاوییەکانی بڕیبووە هێلانە و کۆترەکان.

# ئەڤۆکە

مــن نـــاوم ئەڤــۆکەیە
هەڤــاڵەم چۆلــەکەیە

بەیانیان بۆم دەخوێنێ
زوو لەخەوم هەڵدەستێنێ

دەست و چاومان پاك دەشۆین
وردە وردە نـــان دەخــۆین

دەچــین بۆ نــاو ئەو گوڵزارە
یــاری دەکــەین تا ئێــوارە



# کۆترەکە

کۆترە نەرم و نۆڵەکە
کە بۆت دێم لێم رامەکە
من هاورێی دڵسۆزی تۆم
خۆشم دەوێی بە قەد خۆم
دانم بۆ تۆ هێناوە
وا تێ نەگەی کە داوە
من ئازادیی تۆم دەوێ
خۆشی و شادیی تۆم دەوێ
حەزم لە سەربەستییە
رقم لە ژێردەستییە



# مانگ و ئەستێرە

ئەی مانگ و ئەی ئەستێرە
توخـــوا زوو وەرنە ئێـــــرە
باپێکـــەوە یـــاری کـــەین
خۆشەویستی دیاری کەیـــن
تاریـــــکی بترسێــــنین
خەوتوو لە خەو هەڵسێنین
کوردســـتان ئاوەدان کەیـن
دوژمـنان سەرگەردان کەین



# گلەیی

باران بۆ لێمان تۆراوی
بۆچی وەك جاران نەماوی
لەوەتەی وازت لێ هێناوین
چوار وەرزمان بوونەتە هاوین
دار و درەخت هەڵپڕووکاون
کانی و جۆگەلە بێ ئاون
گژ و گیا سیس و لاوازن
باڵندەکان بێ ئاوازن

***

خۆشەویستەکەمان باران
وەرە ناومان وەك جاران
بیرت دەکەین زوو وەرە
تێرکە لەم دەشت و دەرە
خاك تینووە بە هیواتە
رزگارمان کە لەم نەهاتە



# کۆتایی